تاڵیبان کۆتاییهاتنی ئۆپراسیۆنی سەربازی دژی پاکستان ڕادەگەیەنێت



وەزارەتی بەرگری تاڵیبان بە ئاژانسی فرانس پرێسی ڕاگەیاندوە، ئۆپەراسیۆنی تاڵیبان کە لە دژی پاکستان بەدرێژایی سنوری هاوبەشی نێوان هەردو وڵات "لە وەڵامی هێرشە ئاسمانییەکانی سەر کابول" کە دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام ئاباد دەستیپێکرد، کۆتاییهات.

عینایەتوڵا خورازمی، وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئیمارەتی ئیسلامی ڕایگەیاند، "هێزە چەکدارەکانی میرنشینی ئیسلامی لە کاردانەوە بە پێشێلکارییە دوبارەکان و هێرشە ئاسمانییەکان کە خاکی ئەفغانستانیان کردە ئامانج کە لەلایەن سوپای پاکستانەوە دەستیپێکردبو، بە سەرکەوتویی ئۆپەراسیۆنەکانیان دژی هێزە ئەمنییەکانی پاکستان ئەنجامدا".
ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو ئۆپەراسیۆنە لە نیوەی شەودا کۆتاییهات، بەڵام ئێگەر جارێکی دیکە خاکی ئەفغانستان پێشێل بکرێت، هێزە چەکدارەکانمان ئامادەن کاردانەوەیان هەبێت و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە هەنگاو بنێن".
لایخەیەوە، شەهباز شەریف، سەرۆک وەزیرانی پاکستان، "بە تووندی سەرکۆنەی ئیستفزازی ئەفغانستانی کرد"، بەڵێنیدا "کاردانەوەی بەهێز و کاریگەر"ی هەبێت دوای پێکدادانەکانی سنوری شەوانە لە نێوان

هږدو وړاتی دراوسدا، ناوبراو لږ بیاننامیږکدا، دسږاتدارانی تاږیبانی ځفغانستانی بلو تږمږتبارکرد کږ ږږگړ بږ "توخمږ تیرږریستییږکان" داوږ بږ بږکارهږنانی خاکی خږیان، وتی، "هیچ سازشږک لږسږر بږرگری پاکستان ناکرږت و هږمو ئیستفزازییږک بږ وږاماږکی بږهږز و کاریگږر بږرلو دږبږتږو".